# ده سه لاَتي كورد و وه فيق سامەرائي رۆژانه  بۆ ئه نفال ده گرییَن

سامان عبدالكريم
كركوك–هۆلندا

دوای  ئه و ه ی  بزوتنه وه ی  ناسیونالستي  كوردي  وه  له شه ڕيا  دژی ڕژێمی عیراق به گشتي و ڕژيمي به عس به تايبه تي هه موو ڕيگايه يه كيان  به كار هينا بۆ ئه وه ی  بتوانن ململانیێ سه ربازی بكه ن،پاكانه ش بۆ ئه و ململانييه ئه وه بوو كه  خه باته له پێناو ئازادي  بو گه لي كورد و ديمكراسي بو عيراق. . كاتێک شه ڕی خوێناوي له نێوان عێراق و ئێران له  ئارادابوو  بزووتنه وه  ناسیونالسته كان  له هه ولّی دروست كردنی كۆمه ڵیک ته حالفات بوون ،هه ر بۆیه ش  بیانه وی  یا نه ء  بوبونه به شێک له و شه ڕه  ،وه به هه مان شێوه پارته كوردیه كانی ئێران پشتگیری ته واوی حوكومه تی به عسيان هه بوو له كاتێكدا ده يان زانی وه له ئێمه ش  باشتر كه وه زعه كان شێوه ی  ململانیێ خه بات له پيناو ئازادی و ديموكراسی به جێهێشت و به ره و   ئاقارێكی نادیار مه سه له كانی برد.

له و كاته دا  رژێمی دیكتاتوری عێراق خه ونی به وه ده دیت  كه هه لێكی ده ست كه وێت ببیته  هۆی ته واو كردنی خه ونه شۆڤێنێكه ی له ناو بردنی كۆمه لگای كوردی،وه بتوانیت هیواكانی ناسیونالیستی عه ره ب جێ به جی بكات .بۆیه  كه وته ده ست پێ كردنی شالاَوی چه په لّی ئه نفال كه مرۆڤایاتی پێشترش ئه و ووشه یه ی ڕیسوا كردوه..پلانی ئه نفال له مێژوودا دوو جار به كار هاتووه ،له هه ر دوو جاره كه   ناسیونالیزمی عه ره بی وه به ناوی جیا جیا دوژمنه كانی    خۆی وێران كردوه وه به دڕنده ترین شێوه، من ليره مه به ستم نییه باسی ئه وه  وبكه م چی به سه ر كوردستان هات،جونكه ئه وه ی ڕووی   دا هه موو ووشه كان و ڕۆمان و چیرۆكه كان ده سڕێته وه،ئه نفال توانی زه برێكی كوشنده له كۆمه ڵگای كوردی بدات،ته نانه ت شیرازه ی ژیانمان هه لته كێنێت،كوردستان بووبوه چێلگه ی تاقیكردنه وه ی هه موو جۆره  چه كێک  كه دڕنده كان به كاريان هينا  بۆ له ناو بردنی هەزارەها مرۆڤ.. ئه وه ی كه زۆر مه به ستمه بێلّێم كه ئه نفال  له زۆربه ی قۆناغه كانی خه لكی هه ژارو زه حمه تكێسی كوردستانی گرته وه، ئه و خه ڵكه ی كه ساڵه های ساله  بووبونه هێزی سه ره كی بزووتنه وه شۆڕشگێر  و كۆمه لاَیه تییه كان  ،ته نانه ت  بزوتنه وه ی كوردیش بێ پشتگیری ته واوی ئەو خەلكە توانای شەری یەک هەفتەی نابوو~.وه به داخه وه هه ر چی   خه ڵكی خۆفرۆش و ئینتیهازیش ماوه بۆ ئه وه ی دواجار له سه ر لاشه ی ئه وان دووباره بگاته وه به ده سه لات  من لێره ده مه وی  باسی  دوای  كاره ساته كه  بكه م،كاتێک  چاومان كرده وه  هه زاره ها  ئافره ت  بێ كه س مانه وه ،خیزان تووشی دابڕان بوو،مه ینه تیه كانی دوای ئه نفال كه متر نه بوو له ئه نفال  ،كه س و كاری ئه نفال  ڕوویان كرده  بازاری  كرێكاری  بۆ  ئه وه ی قووتی ڕۆژانه یان دابین بكه ن،كرێكاری و خزمه تكاری مالاَن و ئۆردووگای مه رگ وچه وسانه وه ی سه رمايه داری كورد و عه ره ب  له و كاته دا ده سه لاَتدارانی  كورد  وه عدی  زۆر  گه وره یان  ده فرۆشت ،گوایه  ئه گه ر  ڕۆژێک له ڕۆژان بگه ن به ده سه لات  ئه وه پاداشتی ئه و خه لكه  ده ده نه وه  لەتۆڵەی  ئه و كاره ساته ی به سه ريان هاتووه ، وه ته نها گوناهیان لەو  كاتەدا ئه وه بوو   كەزۆربەیان خەلكیكی  شۆڕشگێر  بوون وه پشتگيريان له هه موو شۆڕشه كانی كورد  كردووه.،ڕۆژانه  له ئێزگەكانیاندا  گوێمان له وه عدی  تۆڵه سه ندنه وه ی   ئه نفال ده بوو له گه ل گريان و شيعر.

ڕاپه ڕين ڕوويدا و خه لكی  هه ژارو زه حمه تكيشی كوردستان  توانيان تۆڵه ی شۆڕشگێرانه ی خۆيان به رامبه ر ئه و هه موو چه وساندنه وه ی كه به عس به سه ريانی هێنابوو بكه نه وه ،ڕاپه ڕين تۆڵه ی

هه موو كاره ساته كان بوو وه به تايبه تى ئه نفال،ئه وه ى ئه و بزووتنه وه جه ماوه ريه كردى له ماوه يه كى كه م ،هه موو ميژووى بزووتنه وه ى كوردى نيوه شى به ده ست نه هيناوه،له و كاتانه ش گريان بۆ ئه نفال هه ر به رده وامبوو،ئه وه بوو به ره ى كوردستانى بووه هيزى سه ره كى له كوردستان وه خه لكى كه س و كارى ئه نفال كه وتنه دونياى چاوه ڕوانى،ئيتر ته واو كاتى ئه وه هات تف له ئه نفال بكه ن وه ڕابردوو له بير كه ن.

به ڵام رۆژ له دواى ڕۆژ هيواكان سست ده بوونه وه وه خه ونه كان نه ده مان ،ده سه لاتى كورديش وه ك هه ر ده سه لاتيكى ديكه له ناوچه كه كه وته خۆ كۆ كردنه وه ى خۆى وه ده يانزانى پاره و ده سه لات و هێز چۆن كۆ ده كرێنه وه ،ئيتر ڕۆژ بووه ڕۆژى كونه جاش و خاوه ن عه شيره ت و خاو ه ن هێز.به ڵام با من به ئه مانه ت باسى بكه م ،گريان بۆ ئه نفال زۆر بوو كه م نه بوو،وه له هه مان كاتدا مه ينه تييه كانى ئه وان له زياد بووندابوو.،ئيتر واى لێهات ده بوايه چه نده ها ڕۆژ هاتوچووى كاكه ى مه سوولى تازه يان بكردايه بۆ ئه وه ى به شه ئازووقه‌يه كيان وه ر بگرتايه،ته نانه ت زۆر جاريش ئيبتزاز د ه كران،واى لێهات بلێن خۆزگه هه ر خه ونه كانمان بمايه.

پاكانه ى ده سه لاتى كوردى له و سه رده مه ئه وه بوو كه ئيمكانياتيان زۆر كه مه وه ناتوانن له م كاته دا هيجيان بۆ بكه ن ،له هه مان كاتدا خه لكى كوردستان ده يبينى كه پاره چۆن سه رف ده كريت،دزى وه فه سادى ده سه لات گه يشته ئاستيک ئه گه ر له ئه‌فسانه‌ى( الف ليله وليله) هه بێت،ڤيللا و سه رمايه و گرووپه ئۆتۆموبيلى دوا موديل،وه له گه ل ئه وه ش ميدياى كوردى(حيزبى)ڕۆژانه باسى كاره ساته كانى ده كرد،من لێره ئه مه وێ بلێم كه گريان و هاوار هاوارى ميديا كافى نييه،له كاتێكدا ده يانتوانى به فيعلى به شێكى زۆرى ئه و مه ينه تييه كه م بكه نه وه،هه ر ئه و پارانه ى له شه ڕه كانيان له پێناو ده سه لاتى خۆيان به فيڕۆيان ده دا،زياتر بوو له هه موو پێويستيه كانى ئه و خه لكه مال وێرانه.

ده سه ڵاتى كوردى له و كاتانه وه له جياتى ئه وه ى گه شه به بزووتنه وه جه ماوه رييه كان بدات وه كومه لگا به ره و ئاستيكى باشتر به ريت،له جياتى هه ول دان بو چاك كردنى ژيانى خه لک به گشتى ووه خه لكى ئه نفال و ئاواره و ده ربه ده ر به‌تايبه‌تى،له شوينى ريكخراوى مه ده نى،هه ستا به دروست كردنى حوسينيه و مزگه وت،كار بۆ كۆمه لگاى مه ده نى بووه بلقى سه ر ئاو.ته نانه ت هه ر ڕێكخراويكى بێ لايان دروست بوايه،هه لده ستان ريكخراويكى حيزبيان به رامبه رى قيت ده كرده وه، وه يه ک له و روداوانه ى تا ئێستا سه يرم پێديت كاتێک ريكخراوى ئاواره و ئه نفاله كان كه من ئه ندامیش نه بووم به ڵام زۆربه يان كه سى دلسۆز بوون ،كاتێک كه هۆڵى ميديايان له هه ولير حجز كردبوو بۆ مه راسيمى ئه نفال،ئێواره كه ى بۆمان ده ركه وت كه يه كيتى نيشتيمانى قاعه كه‌ى داگيركردبوو وه كردى به حسينيه له يادى (فاطمه الزهراء) و مه راسيمه كه ى ئه نفال گۆڕا وه كرديان به گريان و له خۆدان.به لام له گه ل ئه وه ش گريانى ده سه لاتى كورد بۆ ئه نفال هه ر به رده وامبو. .ده سه لاتى كوردى تا ئه م كات و ساته ش نايه وێ تێ بگات كه نه تيجه ى سياسه ته نا عه قلانيه كانيان ئه م خه ڵكه ئه م هه موو ماڵ وێرانيه ى تووش بوو،من لێره ده ڵێم كه به عس دڕنده و وه حشى بوو،به لام ئه وه ماناى ئه وه نييه كه ناسيوناليزمى كورد به ده ره له م تاوانانه.وه له جياتى گريان و شيعر،ده كرا به س قه ره بووى زه ره ره كانيان وه رگرتايه،ئه وه ش هه ر بۆ ئه وان زۆره..ئه وه بيست ساله ئه نفال رووى داوه به ڵام وه ک ئه وه يه هه ر به رده وام بێت،چونكه ئا سه واره كه ى هه ر ماوه وه زياتر بووه.له گه ل ئه وه ش با بيرمان نه چێت كه مانگانه مووچه يان هه يه(ديارى شۆرش).

صه دامى ديكتاتۆر نه ما،مه حكه مه ى ئه نفال ده ستى پێكرد،هه روا فايله و ئاشكرا ده كريت،هه ر وا تاوانباره و پاكانه ده كات،يه ک ده ڵێت من به ئه مرى حيزب جاسوس بووم،يه ک ده ڵێ من خزمه تى

کوردم کردوه به جاسوسیکه م،وا ده رکه وت که به س ئه وانه ی کوژران و ئه نفال کران تاوانبار بوون،هه ندێکیش له م جاسوسانه گریاون فه قیرانه بۆ ئه نفال،کابرای تاوانباری ناو قه فه صی دادگاش تا ئێستاش هه ر قسه قۆڕو پاکانه کانی خۆی ده کات،ئێستاش هه ر باسی ئه خلاقی ئومه ی عه ره بی وئیسلامییه،

یه ک له و مه سه له سەیرانەی کە زۆر خەلکی نیگەران کردوە ،ئەویش مەسەلەی موستەشارەکەی مام جەلالە،مەبەستم وفیق سامرائیە،من بۆ خۆم دادوەر نیم بزانم کێ تاوانبارە بەلام هەموو تاوانبارانی ناو قەفەس دەستی خۆیان بۆ ئەو درێژ دەکەن گوایە ئەو پلانەکانی داریشتوە.من لێرە تێ ناگەم بۆ دەسەلاتی کوردی چرکەی لێوە نایێت،فایلدارەکان ووتمان دەی ئەوانە خەت مائل بوونە،ئەی بۆ بەرامبەر ئەم ماسەلەیە هیچ نالێن،تو بلێ ئەویش خەت مائل نەبونیت.لە جیاتی گریان و سروود ووتن بۆ ئەنفال،راستیەکان ئاشکرابکریت.

بۆیە من دەلێم ئەوانەی بۆ ئەنفال دە گرین زۆرن، بەڵام بەداخەوە گریان ناتوانیت برینەکانیان سارێژ بکات،کۆمەلیک مەسەلە هەیە دەبوایە چارەسەر بکریت،لە دادگایی کردنی تاوانباران بۆ کارکردن بۆ سارێژ کرنی ڕوحی بریندارى ئەو هەموو مرۆڤانە.،بەشێکیش لەو چارەسەرکردنە دابین کردنی پیویستیەکانی ژیانیانە.ئەوکات دەمانتوانی زاکیرەیەکی بە هێز بۆ رابردوومان دروست بکەین.

لە جیاتی قوتابخانە بۆ مندالە ئەنفال و یاریگا وە چاکردنی ژیانی ئاوارەو قوربانیەکانی رژێمی بەعس، ووڵاتەکەیان پڕ کردوە لە ئوتیلێ پێنج ئەستێرە،لە شوێنی ئەوەی گەرمیانی بریندار ئاوەدان بکرێتەوە،شەرم ناکەن باسی پارک و قومارخانەم بۆ دەکەن.مندالە ئەنفال لە جیاتی ئەوەی فێرە کومپیوتری بکەن و بینیرن بۆ دەرەوە بۆ خویندن و قەرەبووی بێ باوکی بۆ بکەنەوە لە شەقامەکان پەرت بوونە بۆ ئەوەی داهاتی ڕۆژانەی خێزانەکانیان دابین دەکەن. سەدجار ڕیسوا بێت فرمێسکی تمساح.